PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئینیستتوتی پەی
بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ژمارە:٦٥ رۆژ: ٢٠١٨/٠٨/١٦

## بەڕێز/ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و را پرسی
## بابەت / تانە لە تۆماری دەنگدەران

بەپێی برگەکانی بەشی چوارەم لەپەیرەوی ژمارە(١) ی ساڵی(٢٠١٨) کە (پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕوی تانەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان)، رێکخراوەکان بۆیان هەیە بەدواداچوون بکەن بۆ تۆماری دەنگدەران و لەپێناو دڵنیابوون لە راستی و دروستی ئەو زانیاریانەی خراونەتەڕوو، و ماف ئەوەیان هەیە چاودێری پرۆسەی نوێکردنەوە و خستەڕووی تۆماری دەنگدەران بکەن. لەم پێناوەندا ئێمە وەك (ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) ئەم یاداشتەتان ئاراستە دەکەین:

**یەکەم: سەرنجە گشتیەکان لەسەر کۆمسیۆن:**

١. بەنوسراوی ژمارە(٦٣ لە ٢٠١٨/٠٧/٢٢) داوامان لە کۆمسیۆن کرد وێنەیەك لە تۆمارەکەمان بە (EXEL) بخەنە بەردەست بە مەبەستی بەدواداچوون، بە داخەوە کۆمسیۆن تەنها بە (PDF) وێنەیەکی پێداین.

٢. پێویست بوو کۆمسیۆن وێنەیەك لە تۆمارەکە بە شێوەیەی (EXEL) بخاتە بەردەست سەرجەم قەوارەکان بۆ بەدواداچوون، بەڵام نەیانکرد.

٣. نەخستنە بەردەستی تۆمار بە(EXEL) چ بۆ بەردەستی قەوارەکان چ بۆ رێکخراوەکان گومان لەبەرامبەر ئەم تۆمارە درووست دەکات، چونکە ئاشکرایە کە بەدواداچوون بۆ تۆمارێك کە(2.985.948) دەنگدەری تیابێت بۆ بەراوردی (ناو، ژمارەی کۆبۆن، ژمارەی دەنگدەر، ساڵی لەدایکبوون) و زانیارییەکانی تر لەسەر فایلیکی (PDF) بۆ ئەوەیە کە کاری لەسەر نەکرێت .

٤. بەپێی یاساو بەپێی ئەو بەڵێنانەش کە چ بە نوسراو و چ لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا کۆمسیۆن بەڵێنی بە پەرلەمان و پەرلەمانتاران دابوو کە وێنەیەك لە تۆمارەکە بە (CD) بخاتە بەردەستیان بەمەبەستی بەدواداچوون، بەڵام تا ئێستاش کۆمسیۆن ئەم تۆمارەی بۆ پەرلەمان نەناردووەو پەرلەمانتاران بەدەستیان نەگەیشتووە !

**دووەم: سەرەنجەکان لەسەر تۆمارەکە :**

کۆمسیۆن پروپاگەندەی ئەوە دەکات گوایە تۆمارەکەی پاك کردۆتەوە و تۆمارێکی تازەی بەپشت بەستن بەفۆرمی خۆراك درووست کردووە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونی ئێمە تۆمارەکە پاك نەکراوەتەوە، بەپێی ئەم بەڵگانە :

١. ئێمە وەك ئینستتیوتی پەی لە (٢٠١٨/٠١/٠٧) راپۆرتێكی تایبەتمان لەسەر تۆماری دەنگدەران بڵاوكۆتەوە و پێشكەشی كۆمسیۆنیشمان كرد، بەپێی راپۆرتەكە نزیكەی (٩٠٠.٠٠٠)هەزار ناوی (دووبارە، مردوو، ساختە، و گوماناوی) لەتۆمارەكە هەبوو، ئەوەبوو كۆمسیۆن وازی لەم تۆمارە هێناو تۆمارێكی تازەی هێناوەتە كایەوە . كۆمسیۆن رایگەیاند كە (٢٠٨،٠٠٠) هەزار ناویان لەو تۆمارە سڕیوەتەوە، بەبێ ئەوەی روونی بكەنەوە كە ئەو ناوانەی سڕیویانەتەوە كێن و چین و هۆكاری سڕینەوەیان چییە !

٢. بەپێی راپۆرتەكەی ئینستتیوتی پەی كە پشتی بەبەڵگە و داتاكانی خودی هەردوو كۆمسیۆن عێراق و هەرێم بەستبوو، ئەو تۆمارە هەرێم كاری پێ دەكرد (٢٧٥٤٢٣) دووسەد و حەفتاو پێنج هەزار و چوارسەد و بیست و سێ دەنگدەری كەمتر بوو لەو تۆمارەی كە عیراق كاری پێدەكرد، ئەمە لەكاتێكدا سەرچاوەی هەردوو تۆماریش كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عێراق بوو، بەبێ ئەوەی كەس بزانێت ئەو ناوە زیادانە چین. هەرچەندە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت داتاو ژمارەی جیاجیا لەلایەن كۆمسیۆنەوە بڵاو دەكرێنەوەو داتایەكی جێگیر نیە كە بەتەواوی متمانەی لەسەر بكرێت، بەڵام ئێمە بەپێی بەدواداچوون و ئەو داتایانەی لەكۆمسیۆنمان وەرگرتووە ئەم خشتەی خوارەوەمان ئامادەكرد كە رێژەی جیاوازیەكانمان بۆ دەردەخات، داواكارین كۆمسیۆن رونكردنەوەمان پێ بدات.

خشتەی بەراوردی تۆمارە كۆنەكەی هەرێم لەگەڵ تۆمارەكەی عیراقدا ٢٠١٧

| پارێزگا | داتای بایۆمەتری عێراق | داتای كۆمسیۆنی كوردستان | جیاوازی |
|---|---|---|---|
| سلێمانی و هەڵەبجە | 1.241.954 | 1.343.521 | 101.567 |
| هەولێر | 1.041.837 | 1.147.123 | 105.286 |
| دهۆك | 688.127 | 756.697 | 68.570 |
| كۆی گشتی | 2.971.918 | 3.247.341 | 275.423 |

خشتەی بەراوردی تۆمارە تازەكەی هەرێم (٢٠١٨) لەگەڵ داتای بایۆمەتری عیراقدا (٢٠١٧)

| پارێزگا | داتای بایۆمەتری عێراق ٢٠١٧ | داتای كۆمسیۆنی كوردستان ٢٠١٧ | داتای كۆمسیۆنی كوردستان ٢٠١٨ | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی و هەڵەبجە | 1.241.954 | 1.343.521 | 1.285.834 | +43.880 |
| هەولێر | 1.041.837 | 1.147.123 | 1.101.785 | +59.948 |
| دهۆك | 688.127 | 756.697 | 534.253 | _153.874 |
| دەنگدەری سەروی ٩٠ ساڵ | – | – | 24.335 | 24.335 |
| دەنگدەری بێ بنكە | – | – | 7.541 | 7.541 |
| دەنگدەری سڕكراوی لێكچوو | – | – | 32.200 | 32.200 |
| كۆی گشتی | 2.971.918 | 3.247.341 | 2.985.948 | +14.030 |

.٣ بەپێی داتاکان وەزارەتی تەندرووستی (٢١٨٩٥٦) لەو ماوەیەدا (٢٠٠١–٢٠١٧) مروودن، ئەمە جگە لە مردوانی ساڵانی (١٩٩٦–٢٠٠١) ناوەکانیان دەست نەکەوتوون و لەو ژمارەیەدا نیە بەڵام کۆمسیۆن بەپێی راگەیاندنی خۆی نزیکەی تەنها (١٤٠٠) هەزارو چوارسەد ناوی مردووی سڕیوەتەوە !

| ژمارەی مردوان بە پێ ی پارێزگا لە ساڵانی ٢٠٠١ -٢٠١٧ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | سلێمانی | دهۆک | هەولێر | ساڵ |
| 8694 | 5231 | 1198 | 2265 | 2001 |
| 9524 | 5987 | 1297 | 2240 | 2002 |
| 11730 | 6730 | 2500 | 2500 | 2003 |
| 12079 | 6023 | 2987 | 3069 | 2004 |
| 11793 | 6432 | 2541 | 2820 | 2005 |
| 13072 | 6480 | 3510 | 3082 | 2006 |
| 13633 | 7057 | 3211 | 3365 | 2007 |
| 15130 | 6898 | 4957 | 3275 | 2008 |
| 16551 | 7084 | 5972 | 3495 | 2009 |
| 16732 | 7040 | 5359 | 4333 | 2010 |
| 19978 | 8275 | 6706 | 4997 | 2011 |
| 23785 | 8671 | 7037 | 8077 | 2012 |
| 5884 | 1341 | 1260 | 3283 | 2013 |
| 8683 | 2900 | 1678 | 4105 | 2014 |
| 8838 | 925 | 4463 | 3450 | 2015 |
| 16534 | 4674 | 6135 | 5725 | 2016 |
| 6316 | 1670 | 1785 | 2861 | 2017 |
| 218.956 | 93.409 | 62.596 | 62.942 | کۆی گشتی |

.٤ ئەو کەسانەی دانیشتووی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بوون و پێشتر لە هەرێم نیشتەجێ بوون بەڵام دواتر لەئەنجامی رێکارەکانی مادەی (١٤٠) گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان وەك پارێزگاکانی (کەرکوك، موسڵ، سەلاحەدین، دیالە و قەزای مەخمور) سەرباری ئەوەی ناویان لە تۆماری ناوچەکانی خۆیان هەیە لە تۆماری هەرێمی کوردستانیشدا ناویان هەر ماوەو نەسراوەتەوە کە ئەمانەش بەسەدان هەزار مەزەندە دەکرێن.

.٥ ژمارەیەك لە کوردانی باکور (تورکیا) و رۆژئاوا (سوریا) و رۆژهەڵات (ئێران) فۆرمی خۆراکیان بۆ دروستکراوە، ئەوانەی لەهەرێمدا نیشتەجێن و بەپێی یاسا رەگەزنامەیان وەرگرتووە ئاساییە، بەڵام بەشێکیان بەساختە ناسنامەی باری شارستانیان بۆ دروستکراوەو (تعداد الفرعی)یان بۆ کراوەو ناویان خزێنراوەتە نێو تۆماری دەنگدەرانەوە کە لەراستیدا مافی دەنگدانیان نیە.

.٦ ناوی دووبارەی ناوخۆ و گوماناوی لە تۆمارەکەدا نەسراوەتەوە. کاتێك وردبینی لە تۆمارەکە دەکرێت ژمارەیەکی زۆر ناوی دووبارەی تیایە، هەرچەندە کۆمسیۆن پێی وایە ئەم ناوانە لەیەکچوون نەك دووبارە، بەڵام لەراستیدا ناوەکان بەهەموو پێوەرەکانی (ناوی سیانی، ساڵ و شوێنی لەدایکبوون، کۆدی پارێزگاو کۆدی دەنگدانیشەوە) وەکو یەکن.

.٧ تا ئێستاش تۆماری دەنگدەرانی تایبەت، کە نیزکەی (١٨٤،٠٠٠) هەزار کەسە رێکنەخراوە و لەتۆمارە گشتیەکە جیانەکراوەتەوە. ئەمە لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو بەشێك لەوانە دووجار دەنگیانداوە، هەم لەکاتی دەنگدانی تایبەت و هەم لەکاتی دەنگدانی گشتی دا .

.٨ لە بەشی دووەمی پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ ی (پەیڕەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕووی تانەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان–عێراق)دا لە برگەی (٣)ی لێهاتوویی دەنگدەردا هاتووە: دەنگدەر دەبێ (**تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێت لەرۆژی دەنگداندا**)، واتە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان تا مێژووی ٢٠٠٠/٩/٣٠ دەتوانن دەنگ بدەن، بەڵام لەو تۆمارەدا سەرجەم لەدایکبووانی ساڵی (٢٠٠٠) داخل کراون و بۆ هەمووشیان رۆژی لەدایکبونیان (٢٠٠٠) دانراوە، ئەمە لەکاتێکدا دوورە لە راستیەوە! مەبەستیش لەوەیە کە ئەوانەی لە مانگەکانی (١٠–١١–١٢ ی ساڵی ٢٠٠٠) لەدایکبون بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان تەمەنیان نەگەیشتۆتە ١٨ ساڵ و ناکرێ ناویان لە تۆماری دەنگدەراندا بێت و بەشداری دەنگدان بکەن.

.٩ لەو تۆمارەدا پشت بە فۆرمی خۆراك بەستراوە، ئەمە لەکاتێکدا چەندین خێزان لە فۆرمێك زیاتریان هەیە.

.١٠ ناوی تێکەڵ و پێکەڵ لە تۆمارەکەدا هەیە، فۆرمی خۆراك هەیە ناوی وەهمی چۆتە سەر بەبێ ئەوەی ئەو ناوانە لەو خێزانەدا بونیان هەبێت.

لەبەر ئەم خاڵانەی سەرەوە پێمان وایە ئەم تۆمارە پاکنەکراوەتەوە و گومانی دەنگدەران و قەوارەکان و رێکخراوەکان نارەوێنێتەوە . تاکە رێگەش بۆ رەواندنەوەی گومان و بەدواداچوون و دڵنیابوونمان پێدانی تۆمارەکەیە بە شێوەی (EXEL).

لەگەڵ رێزدا

**د.سەروەر عبدالرحمن عمر**

**سەرۆکی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠١٨/٠٨/١٦**

---

ناونیشان:سلێمانی–شەقامی سالم–کوردستان مۆل، شوقەی ١٢–ئیمەیل payinstitute@gmail.com - sarwary74@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٦٤٥٧٦ -٠٧٧٠١٤٦٥٧٣٣- http://payied.org/- https://www.facebook.com/payinstitute-/